www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:39 4-10-2006

## پێویستە وەزیری رۆشنبیری دەست لە کار بکێشێتەوە ... هەژێن

یەکێکم لەوانەی لەبەر دوو هۆ بە بەردەوامی نووسینەکانی کاك فەلەکەدین دەخوێنمەوە. یەك پێمواپە کەمێك لە سەنتەری بریاری کوردستان نزیکە، دوو لە مێژە دەنووسی و تێکەڵاوی ئەو جیهانەی کوردە کە کەس ئێرەیی پێنابات. بەس دوای خوێندنەوەی وتارەکەی لەسەر گۆرینی ئاڵای کوردستان بریارم دا لەمەو دوا تاکە وشەیەکی ئەو بەرێزە نەخوێنمەوە ئەگەر هەواڵی ئیعلان کردنی دەولەتی کوردیش بنووسی، کە ئاواتێکی هەرە گەورە و لە پێشی زۆربەی هەرە زۆری گەلی کوردە.

پاساوەکانی کاك فەلەکەدین هەر چیەك بن بۆ گۆرینی ئاڵای کوردستان بە ئاڵایەکی دی کە گوزارە لە تەواوی نەتەوە و گرووپە ئەتنیەکانی کوردستان بکات، ئیهانە کردنە بەو کەڵە مێرانەی لە پێناو بەرز راگرتنی ئاڵای کوردستان گیانی خۆیان بەخت کردووە، هاوکات کوشتن و مردار کردنەوەی ئەو هەستە نەتەوەییانەشە کە لە ماوەی تەمەنی ئەزموونی کوردستان چەکەرەی کردووە. من نامەوی زۆر درێژەی بدەمی و پاساوەکانی کاك فەلەك و ئەوانەی وەك ئەو بیر دەکەنەوە لە گۆڕ بنێم، تەنها ئەوەندە دەڵێم کورد هێشتا زۆر زۆری لە پێش ماوە و ئەوەی هاتۆتە دی بەشێکی زۆر کەمە. هیچ گومانم لەوەش نییە لەبەر ئەوەی بەرامبەرەکەی دەهەمبەر مافەکانی ژیانییەوەی هێندە کورتبینن شەڕ ماوە و نەبراوەتەوە، ئەو تەرحانەی بە بیانووی جۆراوجۆر دەکرێن هەورازی بەر پێی کورد سەختتر دەکەن. چونکە تازە بە تازە کورد فێری سیاسەتی دروستی نەتەوەییانە بووە، خەباتی لەوەو پێشمان بە حوکمی تەوقکردنمان و وێکنەهاتنەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی رۆژئاواوە زیاتر بۆ پاراستنی ناسنامە و سمبوڵە نەتەوەییەکانمان بوو، بۆ ئەوە بوو ئاڵای کوردستان بە شەکاوەیی بمێنێتەوە. ئەوەی ئەمرۆش لە ئارایە کە کاك فەلەك و زۆری دیکەش ئاوی لێدەخۆنەوە هەمووی بەرهەمی خەباتی رابردوو و لێزانینی ئەمرۆی کوردە بۆیە داوا دەکەم کاك فەلەك دەست لە کار بکێشێتەوە و بەشێك نەبێت لە حکوومەتی کوردستان.